**بەشی شەشەم**

# خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن

**ئەردەلان عەبدوڵلا**




**خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن ، دوابەرهەمی شێرزاد حەسەنە، کەلەساڵی 2006 ، لە چاپخانەی رەنج ، چاپکراوە. ئەم بەرهەمە بریتیە لە دوو کورتە رۆمان ( نۆڤلێت) بەهەردووکیان 204 لاپەرەی بچووک دەبن . خەونی جاڵجاڵۆکەکان 98 لاپەڕەیە . بۆئەم بەرهەمەی، لە ساڵی 2011 وە بۆ 2006 خەریکی بووە. واتە پێنچ ساڵی پێچووە.**

**خەونی جاڵجاڵۆکەکان ، باسی پیاوێک دەکات ، کەبەهۆی چەندین کێشەی منداڵی و ئێستای ، تووشی چەند نەخۆشیەکی دەروونی بووەو، شەوانە خەونی ناخۆش دەبینێت. هەر ئەم خەونە ناخۆشانەشی ، ژیانی بەتەواوی هەژاندووە. لەیەکێک لە شەوەکانی هاویندا ، چیرۆکی یەکێک لەخەونە ناخۆشەکانی بۆژنەکەی دەگێرێتەوە. وەک خۆی باس دەکات ، کە گوایە لە خەویا بۆتە جاڵجاڵۆکەو، هەر لەخەونەکەشیدا ، ژنەکەشی بۆتە جاڵجاڵۆکەوە ئەمی خواردووە. دیارە سروشتی جالۆجالۆکە وایە ، کە مێینەکەی پاش ئەوەی لەگەڵ نێرینەکەدا جووت دەبن ، ئینجا دەست دەکات بەخواردنی . شێرزادیش بەجوانی ، باسی چۆنێتی بوونی بە جاڵجاڵۆکەو ، چۆنێتی خواردنی لەلایەن ژنەکەیەوە ، بەشێوەیەکی بەرزی ئەدەبی نووسیوە.**

**لەم نۆڤێلەدا ، شێرزاد دواترۆپکی فەنتازیای خۆیە بەکارهێناوە. هەوڵیداوە بە چەندین ڕستەو ووشەی ئەدەبی جوان ، نۆڤلێتەکە بڕازێنێتەوە.**

**"هەژاری واتە ژیان لەگەڵ مارومێروو .. ل 12**

**ئەوکاتانەی تامی فرمێکس لێ ناگەڕێ بزانین تامی لێوان چۆنە .. ل 34 .**

## ووڕژاندنی چەند باسێک

**" ئەوەی خەونەکانمی پتر شێواند حەکایەتە ترسناکەکانی نەنکم بووکەبەرلەوەی باڵق بم بە باس و خواسی جەهەننەم و**

ئاگری نەکوژاوەی تۆقاندمی ، دۆزەخێک کە تیایدا بەقەد ژمارەی گوناهەکانم تێیدا دەسووتێم و بە شیشی گڕدارەوە فریشتەکانی دۆزەخ تێم دەسرەوێنن و هەزاران جار هەلاهەلا دەبم و نامرم .. ملیۆنەها مێروولەی ئاگر کۆم دەکەنەوەودەبمەوە بەخۆم دەسووتێم ،،، ل 12 و 13 "

شێرزاد هەوڵیداوە پەروەردەی منداڵان و حەکایەتی ئایینی ، بخاتە ژێر پرسیاروگوومانەوە. بەشێوازێکی ئەدەبی ، هەوڵیداوە ڕەخنەی توونو ئاراستەی ئەو جۆرە پەروەردە سەقەتە ئایینیە بکات ، کە منداڵانی کورد پێی پەروەردە دەکرێن . لەهەمان کاتیشدا ، بوونی حەکایەتی جەهەنەم و سزای خودایی ،دەکاتە باس و، هەرلەم دەرگایەشەوە ، بوونی خودا وجەهەنەمەکەی دەخاتە ژێر شک و پرسیارەوە . شێرزاد هەوڵی داوە ، کە ئەم شکەش لە بوونی خودا وجەهەنەمەکەی ، بە شێوەیەکی ئەدەبی بخاتە ناومێشکی خوێنەرەوە.

"ئەرێ دەکرێ خودا لەسەر خواردنی گوڵە گەنمێک یان سێوێک لە دوو خەڵقەندەی تازە خوڵقاوی خۆی توورەبێت و نەفرەتیان لێبکات و ڕووەو ئەم سەرزەمینە فڕێیان بدا ؟ .. ل 14

مەسەلەی چۆنێتی دروستبوونی مرۆڤ ، کە لەلایەن بیری ئایینیەوە پێیان وایە ، کە خودا مرۆڤی دروستکردووەو ، هەموو مرۆڤایەتیش لە ئادەم و حەوا بوون. جگەلە مەسەلەی دروسبوونی ئادەم و حەوا ، مەسەلەی چۆنێتی خواردنی سێوەکە و دەرکردنی ئادەم و حەوا ، یەکێکە لە چیرۆکە هاوبەشەکانی ، هەرسێ ئایینی ئاسمانی ( مەسیحی و ئیسلام و جوولەکە) .
دیارە زۆرکەس شکی لەم چیرۆکە هەیە ، وەلێ کاتێک ئەم شکە بە شێوازێکی ئەدەبی بنووسرێت ، تام و چێژێکی تری هەیە . شێرزاد هەوڵیداوە ، بەشێوازێکی ئەدەبی ، شکی خۆی لەسەر بیری ئایینی دەربخات و، لەهەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی ساتیرئاسا، ڕەخنە لە حەکایەت و یاساکانی ئایینەکان بگرێت .
جگە لەوەش دیسانەوە سێکس ، دەبێتەوە میوانی بەردەوام وهەمیشەیی ئەم نۆڤێلەی شێرزاد.

## چەند سەرنجێک

لەم نۆڤێلەدا ، هیچ هەست بەکات و شوێنێک ناکەیت . تاکە شوێنێک سەربانی ماڵێکە نووسەر باسی ڕووداوەکانی تێدا دەکات . بەنیسبەت (کات)یشەوە ، نووسەر بە فلاش باگێک باسی منداڵی خۆیمان بۆ دەکات . فۆرمی نووسین ، بەشێوەی گێرانەوەی چیرۆکێکە ، کە شێرزاد هەمووکاتێک بەم شێوە فۆرمانە دەنووسێت و، بە فۆرمەکانی تر ناوێرێت . سەرەتای نۆڤێلەکە دیارە ، کەسێک لەشەوێکدا باسی خەونێکی دەکات بۆژنەکەی ، وەلێ کۆتایی ڕۆمانەک دیار نییە . ڕۆمانەکە لەنێوان خەونەکە و ڕاستیدا بزردەبێت . خوێنەر نازانێت باسی خەونەکەیە، یان ڕاستی . لەکۆتایدا بەشێوەیەکی زۆر خراپ ، نۆڤێلەکە تێکەلۆپێکەڵ دەبێت . دەتوانم بڵێم کاتێک ئەم نۆڤێلە تەواودەکەیت ، نازانیت لەکۆتاییدا چی ڕوویداوە. ئەم تێکەڵاویەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی نووسەر ، کەخودی خۆشی سەری لێ تێکچووە.

## تەرمی نەناسێکی ئازاد بەرزنجی و خەونی جاڵجاڵۆکەکان




هاوینی ساڵی 2006 كاتێک گەڕامەوەبۆكوردستان ، برای هێژام كاک ئازاد بەرزنجی ، كتێبێكی خۆی پێشكەش كردم بەناوی ( تەرمی نەناسێک) . كە بریتیە لە كۆمەڵێک كورتە چیرۆک، كەساڵی 2004 ، چاپكراوە . بەگشتی چیرۆكەكانی بەلامەوە جوان بوون . یەكێک لە چیرۆكەكانی ناوی " سیسركە" . ئەم چیرۆكە باسی كورێک دەكات ، كەلە خەون خەیاڵیدا دەبێتە سیسرک .

### Die Verwandlung كافكا




هەرسەری ساڵی پار لە یەكێک لە كتێبخانەكانی ئەڵمانیا، چاوم بە كتێبێكی كافكا كەوت بەناوی Die Verwandlung . ئەم نۆڤێلە ، یەكێكە لە كارەمەزنەكانی كافكا. ئەم نۆڤێلەی كافكا باسی كوڕێک دەكات ، كەبەیانی لەخەوهەڵدەستێت ، سەیردەكات دەمووچاوی بەجارێک گۆڕاوەو ، سەری بۆتە گیانەوەرێكی عەجایب .

هەرچەند سەیری خەونەكەی كاک شێرزادیش دەكەم ، زۆر لە ئامۆزای خەونەكەی كاک ئازاد بەرزنجی دەچێت و، زۆریش بە برازای Die Verwandlung ی كافكاش دەكات .

# ژنێکی منگن

نایشارمەوە کەئەمە یەکەمین بەرهەمی شێرزادە ، کە خستمیە پێکەنین . بەراستی بەشێوازێکی ئێجگار نایاب ، باسی (مەمۆ) ی قەساب دەکات. ئەم نۆڤێلە باسی چیرۆکێکی رۆمانسی ، حەکایەتێکی خۆشەویستی نێوان قەسابێک ( مەمۆ) ، لەگەڵ ژنە گاورێک ، (لەیلا) ی دکتۆری ددان دەکات . شێرزاد هەوڵیداوە بە شێوازێکی ئەدەبی ، باسی یەکێک لە پیشە قێزەون و ترسناکەکانی کۆمەڵگا ( قەسابی) بکات . کاتێک پیاو ناوی قەسابی بەرگوێ دەکەوێت ، یەکسەر خەیاڵی بۆ ( چەقۆ، خەنجەر ، خوێن، کوشتن ، بریندارکردن وپیسی ) دەچێت. وەلێ شێرزاد وێنەی قەسابێکی ترمان بۆ دەکێشێت . وێنەی کەسێکی رۆمانسی ، عاشقێکی شێتی بێ سنوور، کەسێکی ناسک و هەست جوان ، کەسێکی عاشق بەژیان ، جوان پەرستێکی بێ سنوور. شێرزاد باسی قەسابێکمان بۆدەکات ، کەلەگەڵ کوڕەکەیدا لەسەر مێزێک ئارەق دەخۆنەوەو باسی چیرۆکی دڵداری بۆ یەکتر دەکەن . کەئەم جۆرە باوکانەش بەگشتی زۆر دەگمەنن و، بەتایبەتیش لەنێوان قەسابدا.

**" شنەیەک لە شاخەکانەوە بۆنی کوێستانی دەهێنا .. ل 105**

**ئەوپیاوانەی بە مەرجی خۆکوشتن دەیانخواردەوە ، ، ،**

**فلیمە هیندیەکان خەون خەیاڵی عیشقی لەلاخۆش دەکردین .. ل 111**

**شەومان پڕ لەحەزوخۆزگەوخەیاڵ ، ، رۆژمان پڕلەڕەنج وپووچی و سەرگەردانی . ل 111**

**پیاوی بێ غیرەت هیچی بۆنەرەخسێت ، حەزلەکچە دراوسێ دەکات . ل 112**

دیارە جگە لە چیرۆکی خۆشەویستی ، مەسەلەی سێکس پانتایەکی زۆرداگیردەکات. کەئەمەش بۆتە یەکێک لە سیما گشتیەکانی کاروبەرهەمی شێرزاد .

## تێرامانێک

**" بۆئەم شارە کچێکی تێدایە حورمەتی عەقڵ بگرێت ؟. ل 113 "**

ئەم ڕستەیە جگە لە سووکایەتی بەژنان ، هیچ مانایەکی تری نییە. بەداخەوە کاک شێرزاد خۆی بە بەرگریکەری ژنان دەزانێت ، نەدەبوو هانا بۆ دەستەواژەیەکی وانزم ببات .

لەم نۆڤێلەشدا کۆمەڵێک موبالەغەو شتی ناواقعی زۆری تێدایە ، کە باشتربوو بەوشێوەیە نەبوایە.بۆ نموونە کاتێک باسی خۆفرێدانە خوارەوەی" مەمۆ" بۆناو کەلاوەکە دەکات ، دەڵێت:

**پارچە تەنەکان هەریەکەیان لەدەمە تیغ تیژتربوون ل143 .**

ئەی باشە چۆن کابرا لەوهەموو دەمە تیغە ڕزگاری بوو ؟! چۆن دەمە تیغێک دڵی کوون نەکرد ؟! .

دیارە لەم نۆڤێلەشدا بەهیچ شێوەیەک (شوێن) دیارنییە. نازانیت باسی چ شارێک دەکات ؟! . هەرچەندە من واهەست دەکەم ، کەباسی شاری هەولێر بکات . سەیر لەوەیە باسی شارەکەی لەیلا دەکات ، دەڵێت ژنە گاورێکی خەڵکی موسڵە . کەچی باسی شارەکەی مەمۆ ناکات ، کە ڕووداوی نۆڤێلەکەی تێدا رویداوە. جگە لەمەش بەهیچ شێوەیەک باسی (کات) ناکات . نازانیت باسی حەفتاکان یان هەشتاکان دەکات . بەنیسبەت

**فۆرمی نووسینیشەوە ، هەرەهەمان فۆرمی پێشووە، واتە بەشێوەی گێراونەوەی چیرۆکێک . کەبەگشتی ئەمە فۆرمی زۆربەی نووسینەکانیەتی.**
**سەرەتای نۆڤێلەکە زۆر درێژە بۆ نموونە هەتا لاپەڕە 168 ، هەرپێشەکیەو، نووسەر ناچێتە ناوباسەکەوە. کەچی بەپێچەوانەوە ، کۆتایەکەی زۆرکورتەو بەچەند لاپەڕەیەک نووسەر کۆتایی بە نۆڤێلەکەی دەهێنێت . کە لەڕاستیدا دەبێت ، شێوە یەکسانیەک ، لەنێوان سەرەتاوکۆتایی رۆمان دا هەبێت . بەداخەوە شێرزاد زۆرجار لەریتمی نووسینی رۆمان دەردەچێت و ، دیسانەوە خۆی دەکاتەوە بە جیهانی کورتە چیرۆکدا .**

## سەرچاوە :


خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن . دوو نۆڤلێت. شێرزاد حەسەن . چاپخانەی رەنج. چاپی یەکەم . 2006 .

تەرمی نەناسێک . ئازاد بەرزنجی . کۆمەڵە چیرۆک . 2004 . ناوی چاپخانە نەنووسراوە.

Die Verwandlung, Franz Kafka , Anaconda Verlag . Köln. 2005 .